گوڤارا ئەکادیمی یا زانکویا نەوروز (المجلة الأكاديمية لجامعة نوروز)، پ.١٢ ژ.٤، ٢٠٢٣
حقوق الطبع والنشر ©2017. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الابداعي النسبي – CC BY-NC-ND 4. 0.
e-ISSN: 2520-789X
https://doi.org/10.25007/ajnu.v12n4a1906

# گەرەنتییە نێودەوڵەتییەکانی پاراستنی مافە سیاسییەکان

م. ی. دلدار عبد الواحد قادر، فاکەڵتی یاسا/ زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان- عێراق
پ. ی. د. ادریس قادر رسول، فاکەڵتی یاسا/ زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان- عێراق

**پوختە**

ئەو بابەتەی کە لەو توێژینەوەدا لێکۆڵینەوەمان سەر کردووە بریتیە لە گەرەنتییە نێودەوڵەتییەکانی پاراستنی مافە سیاسییەکان کە میتودی شیکاری و بەراوردکاریمان بەکار هیناوە، یاسای نێودەوڵەتی گشتی پاراستنی یاسایی بۆ مافە سیاسییەکان لە چوارچێوەی ڕێکەوتننامەکانی نێودەوڵەتی دابین کردووە. هەروەها ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی و هەرێمی بە تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵێکی سەرەکیان لە پاراستنی مافە سیاسییەکانیان هەیە. لە سەر ئاستی هەرێمی بۆ پاراستنی مافە سیاسییەکان لە چوارچێوەی یەکێتی ئەوروپا، یەکێتی ئەمریکا و ئەفرقیا، دادگای تایبەت و پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ دامەزراون، جگە لەوە لیژنەی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ لە سەر ئاستی هەرێمی بوونیان هەیە.

هەرچەندە مافە سیاسییەکان ڕێکخستنی یاسایی لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی و دەستوری بۆیان کراوە، بەلام بە هۆی لاوازی پەیرەو کردنی سیستەمی دیموکراسی و زاڵ بوونی بەرژەوندییەکانی سیاسی ولاتانی زلهێز لە سەر یاسای نێودەوڵەتی ناتوانرێت بە کرداری کار بۆ پاراستنی مافە سیاسییەکان بکرێت. بۆیە پێویستە دادگایەکی نێودەوڵەتی گشتی کە سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بێت دابمەزرێت و ئەو دادگایە لیژنەی تایبەت بە مافەکانی سیاسی هەبێت. هەروەها پێویستە چوارچێوەی دەستیوەردانی مرۆیی فەراوانتر بکرێت و پاراستنی مافە سیاسییەکانیش یەکێك بێت لەو هوکارانەی کە پێویستی بە دەستیوەردانی نێودەوڵەتی هەبێت.

**وشە کلیلیەکان:** مافە سیاسییەکان، گەرەنتییە نێودەوڵەتییەکان، ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی و هەرێمی، دەستیوەردانی مرۆیی.

## پێشەکی

### یەکەم: بەرایی

دوای چەسپاندنی پێگەی تاکەکەس لە یاسای نێودەوڵەتی گشتی، بە تایبەتی یاسای نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی، بابەتی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە چوارچێوەی تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتان دەرچوو، و بووە بابەتێکی نێودەوڵەتی، بۆیە ئەمرو پاراستنی مافەکانی مرۆڤ ئەرکی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیە و یاسای نێودەوڵەتیش چوارچیوەی یاسایی پاراستنی مافەکانی مرۆڤی ڕێك خستووە. یەکێك لە گرینگترین جورەکانی مافەکانی مرۆڤ بریتیە لە مافە سیاسییەکان، کە پێویستە ڕێکخستنی یاسایی بۆیان بکرێت و گەرەنتییەکانی پاراستنیان دابین بکرێت.

پەیرەو کردنی مافە سیاسییەکان لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانە دەبێت کە سیستەمی دیموکراسی تێدا پەیرەو دەکرێت، و گەرەنتییەکانی دەستوری، یاسایی و دادوەری بۆ پیادە کردنی مافە سیاسییەکان دابین کرابێت، بەلام لە کاتی لاوازی ئەو گەرەنتیانە یان خود جێبەجێ نەکردنیان لە چوارچێوەی ناوخۆیی دەوڵەتان، پێویستە پەنا بۆ یاسای نێودەوڵەتی ببەین، تاکو لە ڕێگای ئامرازەکانی نێودەوڵەتی، ڕێگیری لە پێشێل کردنی مافە سیاسییەکان بکرێت و ئەو دەوڵەتانە یان ئەو دەسەلاتدارانە کە پێشێلی مافە سیاسییەکان دەکەن، ناچار بکرێن کە ڕێز لە مافە سیاسییەکانی هاوڵاتیان بگرن، بۆیە ئێمە لەو توێژینەوەدا جەخت لە سەر گەرەنتیەکانی نێودەوڵەتی و هەرێمی بۆ پاراستنی مافە سیاسییەکان دەکەین.

### دووەم: گرینگی توێژینەوە:

گرینگی ئەنجامدانی توێژینەوە لە سەر گەرەنتییە نێودەوڵەتیەکانی پاراستنی مافە سیاسییەکان لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە پەیرەو کردنی مافە سیاسییەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە هاووڵاتیان بەشداری لە بەرێوەبردنی حوکمڕانی بکەن و بتوانن لە ڕێگای پیادە کردنی مافە سیاسییەکان، سەرجەم مافەکانی تر بۆ خۆیان دابین بکەن، چونکە جێبەجێ کردنی مافە سیاسییەکان بە کلیلی بەدەست هێنانی مافەکانی تریش دادەنرێن، هەروەها جێبەجێ کردنی مافە سیاسییەکان دەبێتە هۆی بەدێ هێنانی سیستەمی دیموکراسی و بەدێ هێنانی دەوڵەتی یاسایی، بۆیە لە ڕێگای گەرەنتییە نێودەوڵەتی و هەرێمیەکانی پاراستنی مافە سیاسییەکان دەتوانرێت کار بۆ جێبەجێ کردنی مافە سیاسییەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتان بکرێت.

**سێیەم: هۆكارەكانی هەڵبژاردنی توێژینەوە**

گرینگترین هۆكارەكانی ئەنجامدانی توێژینەوە لە سەر بابەتی گەرەنتییە نێودەوڵەتییەكانی پاراستنی مافە سیاسییەكان دەگەڕێتەوە بۆ گرینگی خۆدی مافە سیاسییەكان، كە بە هۆیەوە هاووڵاتیان دەتوانن خۆیان بە ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگای هەڵبژاردنی نوێنەرەكانیان بەشداری لە بەڕێوەبردنی ولاتیان بكەن، و ڕۆڵیان لە پێكهێنانی دەسەلاتە گشتییەكانی دەوڵەت بە تایبەتی دەسەلاتی یاسادانان و دەسەلاتی جێبەجێ كردنیان هەبێت. هەروەها دیاریكردنی ئامرازەكانی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی مافە سیاسییەكان دەتوانێت ببێتە هۆی جێبەجێ كردنی مافە سیاسییەكان لە چوارچێوەی دەوڵەتان.

**چوارەم: پرسیارەكانی توێژینەوە:**

ئەنجامدانی ئەو توێژینەوە زانستیە هەوڵێكە بۆ وەلامدانەوەی ئەو پرسیارەی كە ئایا گەرەنتییە نێودەوڵەتییەكانی پاراستنی مافە سیاسییەكان چین؟ بۆیە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو پرسیارە سەرەكیە، هەوڵ دەدەین وەلام ئەو پرسیارانەی خوارەوە بدەین.

1. چەمكی مافە سیاسییەكان چیە؟ و جۆرەكان چین؟
2. لە ئاستی نێودەوڵەتی چ گەرەنتیەك بۆ پاراستنی مافە سیاسییەكان دابین كراوە؟
3. لە ئاستی هەرێمی چ گەرەنتیەك بۆ پاراستنی مافە سیاسییەكان تەرخان كراوە؟
4. ڕۆڵی ڕێكخراوەكانی نێودەوڵەتی و هەرێمی بۆ پاراستنی مافە سیاسییەكان چیە؟

**پێنجەم: سنورداریێتی توێژینەوە:**

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لە سەر گەرەنتییەكانی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی مافە سیاسییەكان، جەخت لە سەر چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی گشتی و چوارچێوەی هەرێمی بۆ پاراستنی مافە سیاسییەكان دەكەین و ئەو ئامرازە نێودەوڵەتی و هەرێمیانەی دەست نیشان دەكەین كە ڕۆڵیان لە جێبەجێ كردن و پاراستنی مافە سیاسییەكانیان هەیە.

**شەشەم: میتودی توێژینەوە:**

بۆ دیاریكردنی ئامرازەكانی نێودەوڵەتی و هەرێمی بۆ پاراستنی مافە سیاسییەكان، میتودی شیكاری و بەراوردكاری بەكار دەهێنێن، بۆ ئەوەی ئەو گەرەنتیانە دیار بكەین كە ڕۆڵیان لە پاراستنی مافە سیاسییەكان هەیە، هەروەها ئاستی كاریگەری ئەو گەرەنتیانە دیار بكەین.

**حەفتەم: پێكهاتەی توێژینەوە:**

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لە سەر بابەتی گەرەنتییەكانی نێودەوڵەتی پاراستنی مافە سیاسییەكان ئەو توێژینەوە دابەشی دوو باس دەكەین، لە باسی یەكەم ڕۆڵی ڕێكخراوەكانی نێودەوڵەتی و هەرێمی وەكو ئامرازێكی یاسای نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی مافە سیاسییەكان ڕوون دەكەین، ئەویش لە چوارچێوەی دابەش كردنی بۆ سێ تەوەر، بە شێوەیەك كە لە تەوەری یەكەم باسی ڕێكخستنی یاسای نێودەوڵەتی بۆ مافە سیاسییەكان دەكەین و لە تەوەری دووەم باسی ڕۆڵی ڕێكخراوەكانی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی مافە سیاسییەكان دەكەین و لە تەوەری سێیەم باسی ڕۆڵی ڕێكخراوەكانی هەرێمی بۆ پاراستنی مافە سیاسییەكان دەكەین. و لە باسی دووەم باسی گەرەنتییەكانی پاراستنی مافە سیاسییەكان لە سەر ئاستی هەرێمی دەكەین، لە چوارچێوەی دابەش كردنی بۆ چوار تەوەری سەرەكی، لە تەوەری یەكەم باسی گەرەنتیەكانی پاراستنی مافە سیاسییەكان لە سەر ئاستی یەكێتی ئەوروپا دەكەین و لە تەوەری دووەم باسی گەرەنتییەكانی پاراستنی مافە سیاسییەكان لە سەر ئاستی كیشوەری ئەمریكا دەكەین و لە تەوەری سییەم باسی گەرەنتییەكانی پاراستنی مافە سیاسییەكان لە سەر ئاستی یەكێتی ئەفریقیا دەكەین و لە كۆتاییدا و لە تەوەری چوارەم باسی دەستیوەردانی مرۆیی بۆ پاراستنی مافە سیاسییەكان دەكەین.

**باسی یەكەم: ڕۆڵی ڕێكخراوەكانی نێودەوڵەتی و هەرێمی وەكو ئامرازێكی یاسای نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی مافە سیاسییەكان**

بۆ دیاریكردنی ڕۆڵی ڕێكخراوەكانی نێودەوڵەتی و هەرێمی بۆ پاراستنی مافە سیاسییەكان، ئەو باسە دابەشی سێ تەوەری سەرەكی دەكەین، بە شێوەیەك كە لە تەوەری یەكەم باسی ڕێكخستنی یاسای نێودەوڵەتی بۆ مافە سیاسییەكان دەكەین و لە تەوەری دووەم باسی ڕۆڵی ڕێكخراوەكانی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی مافە سیاسییەكان دەكەین و لە تەوەری سێیەم باسی ڕۆڵی ڕێكخراوەكانی هەرێمی بۆ پاراستنی مافە سیاسییەكان دەكەین.

**تەوەری یەكەم: ڕێكخستنی یاسای نێودەوڵەتی بۆ مافە سیاسییەكان**

پێش ئەوەی باسی ڕێكخستنی یاسای نێودەوڵەتی بۆ مافە سیاسییەكان بكەین، سەرەتا پێویستە پیناسەی مافە سیاسییەكان بكەین، بە شێوەیەك كە لە یەكێك لە پێناسەكان ئاماژە بەوە كراوە، كە ئەو مافانەن كە بۆ تاكەكان جێگیر كراون، بە هۆی ئەوەی كە ئەو تاكانە بەشێكن لە كۆمەڵەیەكی دیاریكراو( دەوڵەت )

و ئامانجی ئەوەیە کە تاکەکان بەشداری لە بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی ولاتیان بکەن کە مافی خۆکاندید کردنەوە، مافی دەنگدان، مافی بەدەست هێنانی ئەرکە گشتییەکان، مافی دامەزراندنی حیزب سیاسی یان ئەندام بوون لە حیزبەکان لە خۆی دەگرێت.i بە واتایەکی تر دەتوانین بلێن کە بریتیە لەو مافانەی کە بە تاکەکان یان کۆمەڵەیەکی دیاریکراوی ناو دەوڵەتێک دراوە، تاکو هەوڵ بدەن ئامانجە ڕەواکانیان بە دەست بهێنن کە ئەو مافانە پەیوەندیان بە ماف و ئازادییەکانی کەسانی تریش هەیە.ii

هەروەها بۆ پێناسەی مافە سیاسییەکان جەخت لە سەر بنەمای یەکسانی دەکرێت بە شێوەیەک کە مافە سیاسییەکان بریتین لە یەکسانی هاووڵاتیان بۆ بەشداری کردن لە دەنگدان لە گشت هەڵبژاردنەکان و راپرسیە گشتییەکان کە لە ناو دەوڵەتدا ئەنجام دەدرێت و هەروەها بریتیە لە مافی خۆکاندید کردنەوە بۆ ئەنجوومەنەکانی نوێنەرایەتی گشتی و هەرێمی و مافی بەشداری کردن لە پێکهێنانی حیزبە سیاسییەکان و ئەندام بوون لە کۆمەڵەکانی سیاسی لە خۆی دەگرێت، بە گوێرەی ئەو مەرجانەی کە بە یاسا دیاری دەکرێت، بە بێ ئەوەی ئەو مافانە بە بیانییەکانی نێشتەجی ئەو دەوڵەتە بدرێت.iii

دوای ئەوەی کە پێناسەی مافە سیاسییەکانمان کرد و جۆرەکانمان دیار کرد، یاسای نێودەوڵەتی ڕێکخستنی یاسایی بۆ مافە سیاسییەکانی کردووە، بە شێوەیەك کە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ ساڵی 1948 جەخت لە سەر هەڵبژاردنێکی پاک و شەفاف دەکات تاکو هاووڵاتیان بتوانن بەشداری لە کاروباری گشتی ولاتیان بکەن بۆیە لە مادەی 21 لەو جاڕنامەیە دەڵێت کە هەر کەسێک مافی بەشداری کردن لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی ولاتەکەیان هەیە کە دەکرێت ئەو کارە بە شێوەی ڕاستەوخو بکات یان لە ڕێگای هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان بێت کە بە شێوەی ئازادانە هەڵیاندەبژێرن.iv

سەبارەت بە مافی بەرێوەبردنی کاروباری گشتی ولات و مافی دەنگدان جاڕنامەی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ ساڵی 1948 لە مادەی 21 بڕگەی یەکەم دەڵێت کە: هەموو کەسێک مافی بەشداری کردن لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی ولاتەکەی هەیە، جا دەکرێت بە شێوەی ڕاستەوخۆ بێت یان لە ڕێگای هەڵبژاردنی نوێنەرەکان بێت، کە بە شێوەی ئازادانە هەڵیاندەبژرێت. هەروەها بڕگەی 3 لە هەمان مادە دەڵێت: کە ئێرادەی گەڵ سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە، کە ئەو ئێرادەیەش لە ڕێگای هەڵبژاردنیکی پاک و دەوری دەبێت، هەروەها هەڵبژاردن بە شێوەی نەهێنی دەبێت و لە سەر بنەمای یەکسانی کردن لە نێوان سەرجەم دەنگدەران دەبێت کە تێدا ئازادانە دەنگ دەدەن.v

جگە لەوە بڕگەی (2) لە مادەی (25) لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی شارستانی و سیاسی ساڵی 1966 دەڵێت: کە هاووڵاتیان مافی دەنگدان و خۆکاندیدکردنەوەیان هەیە لە چوارچێوەی هەڵبژاردنێکی گشتی و پاک، کە لە سەر بنەمای یەکسانی لە نێوان دەنگدەران ئەنجام بدرێت. و دەنگدانێش بە شێوەی نەهێنی دەبێت تاکو ببێتە هۆی گەرەنتی کردنی ئێرادەی ئازادی دەنگدەران بۆ ئەوەی بە ئازادانە دەنگ بدەن.vi

ئازادی پێکهێنانی حیزب سیاسی و کۆمەڵەی سیاسی، لە ڕووی یاساییەوە لە ولاتی فەرەنسا بەرزترین پێگەی یاسایی هەیە، بە شێوەیەک لە مادەی 4 لە دەستوری فەرەنسی ساڵی 1958 دەڵێت کە حیزبە سیاسییەکان و کۆمەڵەکانی سیاسی لە ڕێگای دەنگدانەوە بیروڕای خۆیان دەردەبڕن، و پێکهێنان و ئەنجامدانی چالاکیەکانیان بە ئازادی دەبێت و پێویستە لە سەریان ڕێز لە بنەمای سەروەری نشتیمانی و دیموکراسی بگرن.vii بۆیە دەکرێت بلێن کە ڕێکخستنی دەستووری ئازادی پێکهێنانی حیزب سیاسی و کۆمەڵەی سیاسی لە ولاتی فەرەنسا بایەخ و بەهای تایبەت بە خۆی هەیە، کە ئەوەش دەخەری پەیرەو کردنی سیستەمی دیموکراسیە لەو ولاتەدا، کە بە شێوەی دەستووری و کرداری جێبەجێ دەکرێت.

سەبارەت بە پێکهێنانی کۆمەڵەکان لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی پاراستنی یاساییان بۆ دابین کراوە بە شێوەیەک کە جاڕنامەی جێهانی مافی مرۆڤ لە مادەی 20 بە ڕاشکاوانە باسی ئەو مافە کردووە بەوەی کە هەموو کەسێک مافی بەشداری کردن لە کۆبوونەوەکانی ئاشتیانە هەیە و هیچ کەسێک ناچار ناکرێت ببێتە ئەندام لە کۆمەڵەیەکی دیاریکراو. هەروەها لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافەکانی شارستانی و سیاسی ساڵی 1966 لە مادەی 22 جەخت لە سەر ئازادی پێکهێنانی کۆمەڵەکان و چوونە ڕیزیان کراوە، بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانیان بپارێزین. و ناکرێت هیچ کۆت و بەندێک بخرێتە سەر پەیرەو کردنی ئەو مافە، مەگەر بە دەقەکانی یاسا نەبێت، یان ئەوەی کە پەیوەندی بە ئاسایش نەتەوەیی، سەلامەتی گشتی، سیستەمی گشتی، پاراستنی تەندروستی گشتی، ئادابی گشتی یان ماف و ئازادی کەسانی ترەوە هەبێت.

هەروەها سەبارەت بە مافی ئازادی ڕادەربڕین کە یەکێکە لە مافە سیاسییەکان، ئەو مافە یەکێکە لە بنەما گرینگەکانی ولاتانی خاوەن دیموکراسی و یەکێکە لە مەرجەکانی بنەڕەتی بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە، و بەدەست هێنانی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان، کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێداوە. لە زۆربەی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان ئەو مافە پەسەند کراوە، کە دەتوانین بە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ و هەر دوو ڕێکەوتننامەکانی نێودەوڵەتی ساڵی 1966 تایبەت بە مافەکانی

شارستانی، سیاسی و مافەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕوشنبیری و پەیماننامەی ئەفریقی بۆ مافەکانی مرۆڤ و گەلان و پەیماننامەی ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان ئاماژەی پێی بدەین.

جگە لەوە سەبارەت بە مافی ئازادی ڕادەربڕین کە بە یەکێک لە ئامرازەکانی بەدەست هێنانی مافە سیاسییەکان دادەنرێت لە مادەی 19 لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ جەختی لە سەر کراوە کە هەرکەسێک دەتوانێت بە هەر شێوەیەک بیروڕا و زانیارییەکانی خۆی دەربڕێت. هەروەها لە مادەی 19 لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافەکانی شارستانی و سیاسی بە هەمان شێوە دەڵێت کە هەر کەسێک مافی ئەوە هەیە کە ڕای خۆی دەربڕێت بە بێ ئەوەی سنوورێک بۆی دابنرێت، جا دەکرێت بە شێوەی نوسراو بێت یان زارەکی بێت یان بە هەر ئامرازێکی تر بێت.viii

**تەوەری دووەم: ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی لە پاراستنی مافە سیاسییەکان:**

پەیڕەو کردنی مافە سیاسییەکان پێویستی بە پاراستنی نێودەوڵەتی هەیە، چونکە گەرەنتییەکانی دەستووری یان یاسایی لە زۆربەی حاڵەتەکان نابنە هۆی ئەوەی کە هاووڵاتیان ئەو مافانە دەستەبەر بکەن، لە لایەکی تر جێگیر کردنەوەی ئەو مافانە لە دەستوور دەکرێت تەنها بۆ مەبەستی ڕاگەیاندن بێت، یان خود بۆ شاردنەوەی ڕووی ڕاستەقینەی سیستەمی سیاسی ئەو ولاتە بێت، کە پێشێلی ئەو مافانە دەکات، یان دەکرێت بە هۆی نەبوونی دەسەلاتێکی تایبەت بێت بۆ ئەوەی سەیری سکاڵاکانی پەیوەندیدار بە پێشێل کردنی ئەو مافانە بکات.ix

یاسای نێودەوڵەتی گرینگی بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەدات، هەروەها سەبارەت بە پاراستنی مافە سیاسییەکان ڕۆڵی تایبەتی هەیە، هەرچەندە ئەو پاراستنەش لە زۆربەی حاڵەتەکان ڕەهەندێکی سیاسی هەیە، بەڵام لە ڕێگای سەرجەم بەڵگەنامەکانی نێودەوڵەتی کە پەیوەندیدارن بە مافەکانی مرۆڤ، جەخت لە سەر ڕێزگرتن لەو مافانە دەکات کە لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی ڕێکخراون، و ئەو کارەش لە ڕێگای هاوکاری نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی و هەرێمی ئەنجام دەدات. هەروەها یاسای نێودەوڵەتی جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە ڕێز گرتن لە مافەکانی مرۆڤ ناکرێت تەنها لە چوارچێوەی دەقە یاساییەکان بێت، بەلکو پێویستە لە ڕووی فیعلی و کردارییەوە ئەو ڕێزگرتنە بوونی هەبێت. x

ئامرازەکانی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی مافە سیاسییەکان دەکرێت لە لایەن ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی بەکار بهێنرێت یان دەکرێت لە لایەن ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی ناحکومی بەکار بهێنرێت. لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، بۆیە لەو تەوەرەدا جەخت لە سەر ڕۆڵی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پاراستنی مافە سیاسییەکان دەکەین.xi

بە گوێرەی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی 1945 ڕێز گرتن لە مافی مرۆڤ و ئازادییەکانی یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی یاسای نێودەوڵەتی، هەر لە پێشەکی ئەو پەیماننامەیە دەڵێت کە ئێمە گەلانی نەتەوە یەکگرتووەکان جەخت لە سەر ڕێز گرتن مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و کەرامەتی تاکەکەس دەکەین، چ پیاو بن یان ئافرەت، نەتەوە بچووکەکان و گەورەکان یەکسانن. هەروەها لە ماددەی 1/3 باسی هاوکاری نێودەوڵەتی بۆ ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی دەکات. لە ماددەی 55 دەڵێت کە نەتەوە یەکگرتووەکان کار دەکات لە سەر بەرزکردنەوەی ڕیزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بۆ هەموو کەسێک بە بێ جیاوازی. لە ماددەی 56 دەڵێت کە پێویستە ولاتان بە شێوەی تاک لایەنە یان هاوبەش کار بکەن بۆ ئەوەی ئامانجەکانی ماددەی 55 دەستەبەر بکەن. ئەگەر تەماشای پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەین دەبینین کە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بە هەموو جۆرەکانی یەکێکە لە ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوە بۆ ئەو مەبەستەش ئەنجوومەنی مافی مرۆڤی دامەزراندووە.xiiبۆیە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو بابەتانەی کە باسمان کرد پاراستنی مافە سیاسییەکانیش دەبێتە یەکێك لە ئامانجەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، چونکە مافە سیاسییەکان، بەشێکی گرینگی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤن.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گرینگی بە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی دەدات و ئەو گرینگیەش لە چوارچێوەی دام و دەزگاکانی خۆی ئەنجام دەدات کە هەر یەك لە کۆمەڵەی گشتی، ئەنجوومەنی ئاسایش و ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕۆڵیان لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤیان هەیە.

ڕۆڵی کۆمەڵەی گشتی لە پاراستنی مافە سیاسییەکان: کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵێکی گرێنگی هەیە لە پاراستنی سەرجەم مافەکانی مرۆڤ بە مافە سیاسییەکانیشەوە، چونکە بە گوێرەی مادەی 10 لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆمەڵەی گشتی دەسەلاتی گفتوگۆ لە سەر هەموو ئەو بابەتانە هەیە کە لە چوارچێوەی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژە پێدراوە، بۆیە کۆمەڵەی گشتی دەتوانێت هەر پیشنیارێك بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بە بێ ئەوەی کە جیاوازی بکات بە هۆی ڕەگەز، زمان، ئایینەوە یان خود جیاوازی لە نێوان ئافرەت و پیاو بکات، بۆ ئەوە مەبەستەش دەتوانێت پێشنیارەکانی خۆی ئاراستەی ولاتانی ئەندام یان خود ئەنجومەنی ئاسایش بکات، بە هۆی ئەوەی کە ئەنجومەنی ئاسایش دەزگای جێبەجێ کاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە

و دەتوانێت بە گوێرەی چاپتەری شەشەم یان حەفتەم لە پەیماننامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەر ڕێوشوێنێکی پێویست دژی ئەو لایەنانە بگرێتە بەر کە پێشێلی مافە سیاسییەکان دەکەن.xiii

کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ هەوڵیداوە چوارچێوەیەکی یاسایی نێودەوڵەتی بۆ گەرەنتی جێبەجێ کردنی ئەو مافانە دابین بکات، بۆیە ئەو چوارچێوەیە یاسایەش بە پەسەند کردنی جاڕنامەی جێهانی مافەکانی مرۆڤ ساڵی 1948 دەستی پێ کرد کە تێدا جەخت لە پاراستنی سەرجەم مافەکانی مرۆڤ کرا، کە مافە سیاسییەکانیش یەکێکە لەو مافانەی کە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ ئاماژەی پێداوە، کە کاریگەری لە سەر ڕێکخستنی یاسایی نێودەولەتی و نیشتیمانی هەبووە و بەشێکی زۆری دەستوورەکانی وڵاتان، ئەو جاڕنامەیە وەکو سەرچاوەیەك بەکاریان هێناوە.

جگە لە جاڕنامەی جێهانی مافەکانی مرۆڤ ساڵی 1948 کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە چوارچێوەی بەستنی ڕێکەوتننامەکانی نێودەوڵەتی بایەخێکی زیاتری بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤیدا، کە دەتوانێن ئاماژە بە ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی شارستانی و سیاسی ساڵی 1966 و ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ساڵی 1966 بدەین.

لە لایەکی تر کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانی گرینگی بە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەدات، بە تایبەتی ئەگەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بە هۆی پێشێلی کردنی مافەکانی مرۆڤ بە تایبەتی مافە سیاسییەکان تووشی مەترسی بوو، دەتوانێت لە ڕێگای سەرجەم ئامرازەکانی هەڵبەستێت بە پاراستنی ئەو مافانە، کە بۆ ئەو کارەش دەتوانێت گفتوگۆی هەر بابەتێك بکات کە پەیوەندیدارە بە مافەکانی مرۆڤ و ڕاپورتەکانی خۆی بۆ دام و دەزگاکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان وەکو ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بنێرێت یان خود داوا لە ئەنجومەنی ئاسایش بکات ڕێوشوێنی تایبەت بگرێتە بەر بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ یان خود داوا لە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات کە ڕۆڵی خۆی بۆ چارەسەر کردنی ئەو کیشانە بگرێت.xiv

ڕۆڵی ئەنجومەنی ئاسایش لە پاراستنی مافە سیاسییەکان: ئەنجومەنی ئاسایش کە دەزگای جێبەجێکاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە و بەرپرسی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیە، ڕۆڵێکی گرینگی لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بە گشتی هەیە، هەر چەندە لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە چوارچێوەی دەسەلاتەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش بەڕاشکاوی باسی ئەو دەسەلاتە نەکردووە، بەلام لە ماددەی 24 بڕگەی 2 باسی ئەوە کردووە کە ئەنجومەنی ئاسایش دەبێت بە گوێرەی ئامانجەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کار بکات، کە بە گوێرەی بڕگەی سێیەم لە ماددەی 1 لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێز گرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان یەکێکە لە ئامانجەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆیە بەو شێوەیە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بە سەرجەم جۆرەکانی دەبێتە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەنجومەنی ئاسایش. سەبارەت بە تایبەتمەندی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەتوانێن بلێن کە بەدیٚ هێنانی مافی چارەی خونوسین یەکێکە لە ئامانجەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەدیٚ هێنانی سەرجەم مافە سیاسییەکان بە بێ پەیڕەو کردنی ئەو مافە بەدیٚ ناهێن.

ئەنجوومەنی مافی مرۆڤ ( مجلس حقوق الانسان) : ئەنجوومەنی مافی مرۆڤ کە یەکێکە لە دەسەڵاتە باڵاکانی نەتەوەیەکگرتووەکان کە سەر بە کۆمەڵەی گشتییە، بە پێچەوانەی لێژنەی مافی مرۆڤ کە سەر بە ئەنجوومەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری نەتەوەیەکگرتووەکانە، ئەو ئەنجوومەنە بۆ ئەوە دامەزراوە کە کار بۆ بەرزکردنەوەی ڕێزگرتنی جێهانی بۆ بنەماکانی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ بکات، بە بێ ئەوەی جیاوازی لە نێوان وڵاتان بکات. ئەو ئەنجوومەنە چاودێری پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ دەکات و هەر کاتێک ئەو پێشێلکاریانە گەورە بوون و بەردەوامی هەبوون، لەو بارەوە پێشنیاری پێویست بۆ ڕاگرتنی ئەو پێشێلکاریانە پێشکەش دەکات، هەروەها کار بۆ بڵاو کردنەوەی ڕۆشنبیری مافی مرۆڤ دەکات تاکو هوشیاری گشتی سەبارەت بە ماف و ئازادییە گشتییەکان دروست بێت.xv

کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دوای دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەوڵی دارشتنی ڕێساکانی پەیوەندیدار بە مافی مرۆڤی لە چوارچێوەی ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان و بەڵگەنامەکانی نێودەوڵەتی دا، بەلام تەنها بوونی ئەو ڕێکەوتننامانە بەس نەبوو بۆ ئەوی ماف و ئازادییەکان بپارێزێت، بەڵکو پێویست بوو دەزگایەک هەبێت کە چاودێری ڕێز گرتن و چاودێری کردنی ئەو ڕێکەوتننامانە بکات، ئەویش لە ڕێگای پیشکنینی ئەو راپورتانەی کە بە شێوەی ساڵانە لە لایەن وڵاتانی ئەندام پیشکەش دەکرێت یان لە ڕێگای پیشکنینی ئەو سکالایانە کە پیشکەشی دەکرێت، کە ئەو ئەرکە بە ئەنجوومەنی مافی مرۆڤ دراوە، جگە لەوە ئەو ئەنجوومەنە هەماهەنگی ڕاستەوخۆ لە گەڵ حکومەتەکان و ڕێکخراوەکانی هەرێمی و دام و دەزگاکانی نیشتیمانی پەیوەندیدار بە مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای مەدەنی دەکات بۆ ئەوەی ڕێگیری لە پێشێلکاری گەورە و بەردەوام بە مافی مرۆڤی بکات، و ئەو پاراستنە کە ئەو ئەنجومەنە دەکات سەرجەم مافەکانی شارستانی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لە خۆی دەگرێت.xvi

جگە لەوە یەکێك لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هاندەر بۆ ئەوەی وڵاتان ببنە ئەندام لە ڕێکەوتننامەکانی نێودەوڵەتی تایبەت بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، بە تایبەتی ئەو ولاتانە کە دەیانەوێت سیستەمی دیموکراسی جێبەجێ بکەن و لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرن، ئەوەیە دەیانەوێت لە ڕێگای جێبەجێ کردنیان بارودۆخی هاووڵاتیان باشتر بکەن، و ولاتەکەیان بەرەو دیموکراسی ببەن و بە هۆیەوە لە ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمی ڕەوایەتی بەدەست بهێنن. ئەو ئامرازانەی کە ئەو ڕێکەوتننامانە بەکار دێنن جۆراجۆرن، یەکێك لەو ئامرازانە کە لە ڕێکەوتننامەکانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ بوونی هەیە، تاکو لە چوارچێوەیدا بتوانن مافەکانی مرۆڤی بپارێزن، بریتیە لەو لێژنانەی کە دروستی دەکەن، بۆ نمونە بە گوێرەی ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و رۆشنبێری ساڵی 1966 پێویستە وڵاتانی ئەندام لەو ڕێکەوتننامەیە بە شێوەی ساڵانە ڕاپورتی خۆیان پێشکەشی سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن، بۆ ئەوەی دیار بکرێت کە ئایا ئەو ولاتە چەند ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ کردووە، سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو ڕاپورتە بۆ ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەنێرێت، ئەو ئەنجوومەنەش کۆپیەك لەو ڕاپورتانە بۆ لێژنەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان دەنێرێت بۆ ئەوەی دیراسەتی ئەو ڕاپورتانە بکەن و پێشنیاری خۆیان لەو بارەوە دەربڕن.xvii

بە گوێرەی ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافەکانی شارستانی و سیاسی ساڵی 1966 بە پێی مادە 28 لێژنەیەکی پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ پێك دێت، کە 18 ئەندامی دەبێت و ئەرکی ئەو لێژنەیە بریتیە لە پشکنین و هەڵسەنگاندنی ئەو ڕاپورتانەیە کە وڵاتانی ئەندام لەو ڕێکەوتننامەیە بۆیان دەنێرن، هەروەها ئەو لێژنەیە سەیری ئەو سکالانە دەکات کە وڵاتانی ئەندام یان خود تاکەکان پێشکەشیان دەکەن، کە تایبەتە بە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ، بەلام تایبەتمەندی ئەو لێژنەیە بۆ سەیری کردنی سکالاکانی دەوڵەت یان تاکەکان بە گوێرەی مادەی 42 ئارەزوومەندانەیە.xviii

کۆمیسارپای باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مروڤ ( المفوض السامي للامم المتحدة لحقوق الانسان)xix : ئەرکەکانی کۆمیسارپای باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە بەرپرسی یەکەمە لە مافەکانی مرۆڤ لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها بەرپرسە بە دواداچوون بۆ بەدەست هێنانی زانیاری لە هەر شوێنێك کە پێشێلکاری بەرامبەر مافەکانی مرۆڤ ئەنجام دەدرێت و کار بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە دەکات کە ڕووبەڕووی مافەکانی مرۆڤ دەبن.xx

جگە لە دەزگاکانی سەرەکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ڕۆڵیان لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ هەیانە، بە گوێرەی بڕگەی دووەم لە ماددەی 7 لە پەیماننامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێگا بە دامەزراندنی لقەکانی لاوەکی داوە، کە دەتوانین ئاماژە بە هەر یەك لێژنەی ناوەندی ئافرەتان و کۆمیسیارپای باڵای مافەکانی مرۆڤ و ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ بدەین کە لە سەرەوە باسمان کردووە. سەبارەت بە لێژنەی ناوەندی ئافرەتان کە بە گوێرەی بڕیاری ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی ژمارە 11 (د3) لە 21 حوزەیرانی 1946 دەرچووە، بە شێوەیەك کە ئەو لێژنەیە یارمەتی ئەو ئەنجومەنە دەدات و سەربەخۆیە لە ئەنجومەنی مافەکانی مروڤ. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەو لێژنەیە ئەوەیە کە پێشنیار و ڕاپورتەکانی پەیوەندیدار بە مافەکانی سیاسی، شارستانی، ئابووری، کۆمەلایەتی و ڕوشنبیری ئافرەتان ڕەوانەی ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەلایەتی دەکات بۆ ئەوەی مافەکانی ئافرەتان دەستەبەر بکرێن.xxi

ئەگەر تەماشای ڕۆڵی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرجەم دامەزراوەکان و لێژنەکانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەین، دەبینێن کە ئەو ڕێکخراوە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، بەڵام سەبارەت بە مافە سیاسییەکان کە بە یەکێك لە گرینگترین جۆرەکانی مافەکانی مرۆڤ دادەنرێت، سەرای چەسپاندنی ئەو مافانە لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی، بەڵام لە کاتی پێشێلکردنیان لە لایەن ولاتەوە بایەخێکی زۆری پێی نادرێت، کە ئەوەش دەکرێت بە هۆی ئەوەی بێت کە ئەو ڕێکخراوە لە ڕووی کردارییەوە گرێنگی بە سیستەمی سیاسی وڵاتان نادەات و ئەوە بە تایبەتمەندی ناوخۆیی ئەو وڵاتانە دادەنێت. چونکە لە بەشێکی زۆری وڵاتان تا ئێستا سیستەمەکانی دیکتاتۆری لە دەسەلاتن و هەڵبژاردن لە بەشێکی زۆری وڵاتان یان ئەنجام نادرێت یان بە پێی پێوەرەکانی هەڵبژاردنێکی پاك و شەفاف ئەنجام نادرێت وەکو ئەو هەڵبژاردنانە کە لە ولاتی سوریا ئەنجام دەدرێت.

پێویستە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لێژنەیەکی تایبەت بۆ پاراستنی مافە سیاسییەکان دابمەزرێنێت کە ئەرکی ئەو لێژنەیە جێبەجێ کردنی پرەنسیپەکانی دیموکراسی بێت کە تێدا سەرجەم مافە سیاسییەکان پارێزراو بن. ئەو لێژنەیە یارمەتی وڵاتان بدەات بۆ ئەوەی سەرجەم جۆرەکانی مافە سیاسییەکان بە شێوەیەك کە لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی گشتیدا ڕێکخراون، لە وڵاتانی جیهان جێبەجێ بکرێت، هەروەها ئەو لێژنەیە چاودێری ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بکات کە لە سەر ئاستی وڵاتان ئەنجام دەدرێن تاکو دڵنیا بن لە دروستی دەرئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنانە، هەروەها ئەو لێژنەیە ڕاپورتی ساڵانەی خۆی پیشکەشی کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی ئاسایش بکات تاکو لە کاتی پێشێل کردنی مافە سیاسییەکان کە لە هەر وڵاتێك ڕوو بدەات، بە گوێرەی پەیماننامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە تایبەت بەشی شەشەم و حەفتەم سزای ئەو لایەنە بدەات.

### تەوەری سێیەم: ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی هەرێمی لە پاراستنی مافە سیاسییەکان

پاراستنی مافە سیاسییەکان تەنها ئەرکی دەوڵەتان یان ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی نییە، بەڵکو ڕێکخراوەکانی هەرێمی ڕۆڵیان هەیە لە پاراستنی ئەو مافانە، بە تایبەتی دوای بەستنی کۆنگرەی ڤییەنا ساڵی 1993کە تێدا جەخت لە سەر پاراستنی مافەکانی مرۆڤ کرا، بە شێوەیەك کە ڕێکخراوەکانی هەرێمی ڕۆڵێکی باڵایان هەبێت لە ڕێز گرتن لە مافەکانی مروڤ و ئامرازەکانی پێویست بۆ بەدیهێنانی مافی گەلان و کەرامەتیان دابین بکەن.xxii

ڕێکخراوی کۆمکاری عەرەبیxxiii: ڕێکەوتننامەی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕێکخستنی یاسایی بۆ مافە سیاسییەکانی کردووە، و پابەندی وڵاتانی ئەندامیش دەکات کە دەقەکانی ئەو ڕێکەوتنامەیە لە دەستورەکانیان جێگیر بکەن، جگە لەوە ئەو ڕێکەوتننامەیە باسی ئەوە دەکات کە وڵاتانی ئەندام ڕێز لە هەموو ئەو ڕیکەوتننامە نێودەوڵەتیانە بگرن کە سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ دەرچوونە. و سەبارەت بە مافە سیاسییەکان بە گوێرەی ماددەی 24 لەو ڕێکەوتننامەیە هەر هاووڵاتیەك مافی ئەوانەی هەیە: 1- پەیرەو کردنی مافە سیاسییەکان. 2- بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی چ بە شێوەی ڕاستەخۆ بێت یان بە شێوەی ناڕاستەخۆ بێت کە بە هۆی نوێنەرەکانیان ئەنجام دەدەن کە خۆیان بە ئازادی هەڵدەبژێرن. 3- هەر کەسێك مافی ئەوە هەیە خۆ کاندید بکات یان کەسێکی تر هەڵبژێریت لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی ئازاد و پاك لە سەر بنەمای یەکسانی لە نێوان سەرجەم هاووڵاتیان بە شێوەیەك کە دەربڕی ئیرادەی ئازادی هاووڵاتیان بێت. 4- لە سەر بنەمای یەکسانی دەرفەتی یەکسان بۆ هاووڵاتیان برەخسێنرێت بۆ ئەوەی پۆستە گشتییەکان وەربگرن. 5- ئازادی پێکهێنانی کۆمەڵە یان چوونە ریزیان لە گەڵ کەسانی تریان هەیە . 6- ئازادی کۆبوونەوە بە شێوەی ئاشتیانەیان هەیە. 7- ناکرێت پەیڕەو کردنی ئەو مافانە کۆت و بەند بکرێت مەگەر بەو مەرجانە بێت کە بە یاسا دیارکراون، و بۆ پاراستنی ئەو مافانە پێویستە ڕەچاوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، سیستەمی گشتی، ئادابی گشتی و ماف و ئازادییەکانی کەسانی تر بکرێت.xxiv

ڕێکەوتننامەی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ باسی دامەزراندنی لیژنەی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ و دامەزراندنی دادگایەک کردووە، بەلام تاکو ئێستا ئەو بڕیارانە نەچوونە وارێ جێبەجێ کردنەوە.

ڕێکخراوی کۆمکاری عەرەبی ناتوانێت کارێگەری لە سەر چاکسازی سیاسی لە ناو وڵاتانی عەرەبی دابنێت و هەروەها ناتوانێت ببێتە هۆی بەدیهێنانی دیموکراسی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی و هەروەها ناتوانێت لێپێچینەوە و چاودێری وڵاتانی عەرەبی بکات هەر کاتێک ئەو وڵاتانە پێشێلی مافەکانی مرۆڤیان کرد، چونکە پێویستە حکومەتەکانی ئەو وڵاتانە کار بۆ بەدیهێنانی داواکارییەکانی گەڵ وەکو ئازادی و دیموکراسی و فرە سیاسی بکەن، بۆیە ئەو ڕێکخراوە پێویستی بە چاکسازی و گۆڕانکاری لە سەرجەم وڵاتانی ئەندامی هەیە بە شێوەیەک کە گەرەنتی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی بکات و کار بۆ فرە سیاسی و هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی و ... بکات.xxv

لە لایەکی تر بە هۆی نەبوونی چاودێری و نەبوونی ئامرازی یاسایی لە لایەن ڕێکخراوی کۆمکاری عەرەبی بۆ ئەوەی وڵاتانی ئەندام ناچار بکات کە ڕێکەوتننامەی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ و ڕێکەوتننامەکانی نێودەوڵەتی تر پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ جێبەجێ بکەن، هەروەها بە هۆی گرینگی پێی نەدانی ڕاگەیاندنی وڵاتانی عەرەبی بە ڕۆڵی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی تر و ئەوانەی کە لە بواری پاراستنی مافە سیاسییەکان کار دەکەن، پەیرەوە کردنی مافە سیاسییەکان بە تایبەتی مافە سیاسییەکان ئافرەتان وەکو پێویست لە وڵاتانی عەرەبی جێبەجێ ناکرێت.xxvi

ڕێکخراوی هاوکاری ئیسلامی : ڕێکخراوێکی حکومی نێودەوڵەتیە و 57 ولات تێدا ئەندامن، کار بۆ پاراستنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ وەکو مافەکانی کۆمەلایەتی، ئابووری، سیاسی و شارستانی دەکات کە ناوەندەکەی لە جەدەی ولاتی سەعودیایە، و بە گوێرەی پەیماننامەی ڕێکخراوی هاوکاری ئیسلامی هەوڵ بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و سەروەری یاسا، دیموکراسی و مافەکانی ئافرەت دەکات، جگە لەوە ڕێزگرتن لە مافی چارەی خۆنووسین و حوکمڕانی باش (الحكم الرشيدxxvii) لە گرینگترین ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوەیە.xxviii و عێراق لە ساڵی 1975 ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە.xxix

گرینگترین دامەزراوەکانی ڕێکخراوی هاوکاری ئیسلامی بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی بریتین لە هەر یەك لە لوتکەی ئیسلامی، ئەنجوومەنی وەزیرانی دەرەوە، لێژنەکانی هەمیشەیی، لێژنەکانی جێبەجێ کار، دادگای دادی نێودەوڵەتی ئیسلامی و دەستەی هەمیشەیی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ و ...هتد.xxx بەلام ئەرکی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ کە مافە سیاسییەکانیش یەکێکن لەو مافانە کە ئەو ڕێکخراوەیە هەوڵی بەدی هاتن و پاراستنی دەدات، ئەرکی دەستەی هەمیشەیی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤە، بەلام ئەوەی کە گرینگە لێرەدا ئاماژە پێی بدەین ئەویش ئەوەیە کە ئەو ماددەیە مەرجی ئەوە داناوە بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بە گشتی و مافە سیاسییەکان کە لە بەڵگەنامە و ڕێکەوتننامەکانی نێودەوڵەتی پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ هاتوونە، دەبێت لە گەڵ بەها ئیسلامیەکان بگونجن.xxxi

دەستەی هەمیشەیی سەربەخۆی مافەكانی مرۆڤ لە 18 ئەندام پێك دێت، و ماوەی ئەندامیەتیان بۆ ماوەی سێ ساڵە كە دەكرێت بۆ یەك جاری تریش دووبارە بكرێتەوە، و ئەندامانی ئەو دەستەیە دەبێت سەربەخۆ، بێ لایەن و شیاو و شارەزا بن. بڕیار و پێشنیارەكانی ئەو دەستەیە بە دەنگی دوو لە سەر سێ ئەندامانی ئامادە بوو دەردەچێت. ئەو دەستەیە ڕاپورتەكانی خۆی تایبەت بە مافەكانی مرۆڤ بۆ ئەنجوومەنی وەزیرانی دەرەوەی ڕێكخراوی هاوكاری ئیسلامی دەنێرێت، و تێیدا پێشنیارەكانی خۆی بۆ باشتر كردنی جێبەجێ كردنی مافەكانی مرۆڤ لە ولاتانی ئەندام پێشكەش دەكات، و لە گەڵ پێشنیارەكانی خۆی ئامرازەكانی جێبەجێ كردنی ئەو پێشنیارانە و یارمەتیە تەكنیكیەكانی دیار دەكات.

هەر چەندە ڕێكخراوی هاوكاری ئیسلامی خاوەن دادگای دادی ئیسلامی نێودەوڵەتیە كە ئەو دادگایە كیشە یاساییەكان لە نێوان ئەندامانی چارەسەر دەكات، بەڵام ناتوانێت ڕۆڵێكی كاریگەر لە سەر پاراستن و جێبەجێ كردنی مافەكانی مرۆڤ بە گشتی و مافە سیاسییەكان دابنێت، بۆیە پێویستە ڕێكخراوی هاوكاری ئیسلامی دادگایەكی تایبەت بە مافەكانی مرۆڤ دابمەزرێنێت، كە ئەو دادگایە پسپۆر بێت لە دادگایی كردنی ئەو ولاتانە و ئەو كەسە سروشتیانە كە پێشێلی مافەكانی مرۆڤ دەكەن، و پاراستنی مافە سیاسییەكان و دیموكراسی یەكێك لە گرینگترین تایبەتمەندییەكانی ئەو دادگایە بێت، و ئەو دادگایە ڕێوشوێنی گونجاو بۆ سزادانی ئەو لایەنانە كە پێشێلی مافەكانی مرۆڤ دەكەن بگرێتەبەر وەكو ڕێوشوێنی كاتی، ناسەربازی و سەربازی لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی گشتی و دەستێوەردانی مرۆیی ئەنجام بدات.

لە لایەكی تر پێویستە ڕێكخراوی هاوكاری ئیسلامی لێژنەیەكی هەمیشەیی تایبەت بە مافەكانی شارستانی و سیاسی دابمەزرێنێت، و ئەو لێژنە بەدواداچوون بۆ مافەكانی سیاسی لە ولاتانی ئەندام بكات و ڕاپورتی خۆی بە پشت بەستن بە بەڵگە و دیكۆمنت بۆ ئەو دادگایە بنێرێت تاكو ئەو دادگایە بڕیاری لە سەر بدات.

**باسی دووەم: گەرەنتیەكانی پاراستنی مافە سیاسییەكان لە سەر ئاستی هەرێمی**

دوای ئەوەی كە لە باسی یەكەم ڕۆڵی ڕێكخراوەكانی نێودەوڵەتی و هەرێمی بۆ پاراستنی مافە سیاسییەكانمان ڕوون كرد، لەو باسەدا گەرەنتیەكانی پاراستنی مافە سیاسییەكان لە سەر ئاستی هەرێمی دیار دەكەین، بۆ ئەو مەبەستەش ئەو باسە دابەشی چوار تەوەر دەكەین. لە تەوەری یەكەم باسی پاراستنی مافە سیاسییەكان لە سەر ئاستی كیشوەری ئەوروپا دەكەین و لە تەوەری دووەم باسی پاراستنی مافە سیاسییەكان لە سەر ئاستی كیشوەری ئەمریكا دەكەین و لە تەوەری سێیەم باسی پاراستنی مافە سیاسییەكان لە سەر ئاستی كیشوەری ئەفریقیا دەكەین. و لە كۆتاییدا و لە تەوەری چوارەم باسی دەستیوەردانی مرۆیی بۆ پاراستنی مافە سیاسییەكان دەكەین.

**تەوەری یەكەم: پاراستنی مافە سیاسییەكان لە ئاستی كیشوەری ئەوروپا**

ڕێكەوتننامەی ئەوروپی بۆ مافەكانی مرۆڤxxxii دوو ئامرازی سەرەكی بۆ پاراستنی مافەكانی مرۆڤ تەرخان كردووە كە ئەوانێش بریتین لە هەر یەك لە لێژنەی ئەوروپی بۆ مافەكانی مرۆڤ و دادگای ئەوروپی بۆ مافەكانی مروڤ. ئەوەی كە بووە هۆی ئەوەی كە ئەو سیستەمی ئەوروپی بۆ مافەكانی مرۆڤ سەركەوتوو بێت ئەوەیە كە ڕێكەوتننامەی ئەوروپی بۆ مافەكانی مرۆڤ جەخت لە سەر بەدیٚ هێنانی ئاشتی لە سەر بنەمای دادپەروەری و هاوكاری نێودەوڵەتی دەكات، هەروەها هەوڵ بۆ پاراستنی بنەماكانی ئازادی تاكەكەسی و مافە سیاسییەكان دەكات. جگە لەوە سیستەمی ئەوروپی بۆ مافەكانی مرۆڤ كار بۆ بەدیٚ هێنانی سەروەری یاسا و جێبەجی كردنی سیستەمی دیموكراسی دەكات.xxxiii

بە گوێرەی ڕێكەوتننامەی ئەوروپی بۆ مافەكانی مرۆڤ ساڵی 1953 پێویستە وڵاتانی ئەندام پابەندی جێبەجێ كردنی بنەماكانی مافی مرۆڤ بن، و بۆ ئەو مەبەستەش ئەنجوومەنی ئەوروپی بۆ مافەكانی مرۆڤ و دادگای ئەوروپی بۆ مافەكانی مرۆڤ دامەزرا، و ئەگەر هەر پێشێل كردنێك سەبارەت بە مافەكانی مرۆڤ بەرامبەر هاووڵاتیانی هەر یەكێك لە وڵاتانی ئەندام لە یەكێتی ئەوروپا ڕوو بدات، دادگای ئەوروپی بۆ مافەكانی مرۆڤ سەیری ئەو سكالانە دەكات كە لە لایەن یەكێك لە وڵاتانی ئەندام پێشكەشی دەكرێت.xxxiv و پسپوریێتی ئەو دادگایە لە سەر وڵاتانی ئەندام، ئەو كاتە جێبەجێ دەبێت كە وڵاتانی ئەندام واژووی پروتۆكۆڵی ئارەزومەندانەی پسپوریێتی ئەو دادگایە بكەن. بەڵام ئەگەر هاتوو كیشەیەك ڕوو بدات و ئەنجوومەنی ئەوروپی بۆ مافەكانی مرۆڤ نەیتوانی ئەو كیشەیە چارەسەر بكات، لەو كاتەدا پسپوریێتی ئەو دادگایە دەبێتە ناچاری. ئەوەی كە سەبارەت بەو دادگایە گرینگە ئەویش ئەوەیە كە سكالاكان دەبێت تەنها لە لایەن وڵاتانی ئەندام لەو یەكێتیە پێشكەش بكرێت، بۆیە هاووڵاتیان ئەومافەیان نییە و بۆیە دەتوانین بلێن كە ئەو دادگایە، دادگایەكی هەرێمی تایبەت بە وڵاتانی یەكێتی ئەوروپایە.xxxv

سەبارەت بە جێبەجێ کردنی ڕێکەوتننامەکانی ئەوروپی کە سەرجەم بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی وڕۆشنبیری لە خۆی دەگرن، بۆ جێبەجی کردنی ئەو ڕێکەوتننامانە و پاراستنی ئەو ماف و ئازادیانە کە ئەو ڕێکەوتننامانە لە خۆی دەگرن، چاودێری کردنی جێبەجێ کردنیان لە ئەستۆی خودی وڵاتانی ئەوروپیە کە ئەو وڵاتانە چاودێری یەکتری دەکەن، جگە لەوە هاوڵاتیانیش دەتوانن چاودێری ولاتەکانیان بکەن. بۆیە دەکرێت بلێن کە ڕێکەوتننامەکانی ئەوروپی پەیوەندیدار بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ زیاتر جەخت لە سەر پاراستنی مافەکانی شارستانی و سیاسی دەکەن.xxxvi

لە ئاستی کیشوەری ئەوروپا جگە لە ڕێکەوتننامەکانی نێودەوڵەتی پەیوەندیدار بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، هەر وەکو باسمان کرد چەندین دام و دەزگای جۆراجۆر دەوریان لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤیان هەیە، بە تایبەتی ئەو دام و دەزگایانە کە سەر بە ئەنجومەنی ئەوروپان وەکو کۆمیسارایای ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ ( المفوض الاوروبي لحقوق الانسان) سکرتێری گشتی ئەنجومەنی ئەوروپا، لیژنەی وەزیرەکان، کۆمەڵەی پەرلەمانی هەموو ئەو دەزگایانە ڕۆڵیان لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتییەکانیان هەیە. جگە لەوە ڕێکەوتننامەی ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ و ئازادیە بنەڕەتییەکانی باڵادەستی لە سەر یاساکانی ناوخۆیی ئەو وڵاتانە هەیە، بۆیە سەرجەم وڵاتانی ئەندام دەبێت پابەندی جێبەجێ کردنی ئەو ڕێکەوتننامەیە بن و لە کاتی دارشتن و پەسەند کردنی یاساکانی خۆیان ڕەچاوی ئەو ڕێکەوتننامەیە بکەن.xxxvii

**تەوەری دووەم: پاراستنی مافە سیاسییەکان لە سەر ئاستی کیشوەری ئەمریکا**

بە گوێرەی ڕێکەوتننامەی ئەمریکی بۆ مافەکانی مرۆڤ ساڵی 1969 پێویستە سەرجەم وڵاتانی ئەندام لەو ڕێکەوتننامە ڕێز لە ماف و ئازادییەکانی ناو ئەو ڕێکەوتننامەیە بگرن. بە گوێرەی ئەو ڕێکەوتننامەیە دوو لایەن ئەرکی جێبەجێ کردن و پاراستنی ماف و ئازادییەکانی ئەو ڕێکەوتننامەیە لە ئەستۆ دەگرن ئەوێش دادگای ئەمریکی بۆ مافەکانی مرۆڤ و لیژنەی ئەمریکی بۆ مافەکانی مرۆڤن. بە هەوڵی ڕێکخراوی وڵاتانی ئەمریکی پەیڕەوی بنەڕەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی 1980 پەسەند کرا و بە گوێرەی ئەو پەیڕەوە دادگای ئەمریکی بۆ مافەکانی مرۆڤ دامەزرا، کە دەستەیەکی دادوەری سەربەخۆیە و ئامانجی شرۆڤە کردن و جێبەجێ کردنی ڕیکەوتننامەی ئەمریکی بۆ مافەکانی مرۆڤە و ئەو دادگایە پسپورە لە سەیر کردنی سەرجەم ئەو پێشیلکاریانە کە بەرامبەر بە مافی مرۆڤ ئەنجام دەدرێن، بڕیارەکانی ئەو دادگایە بڕیاری کۆتایین کە ناکرێت تانە لێ بدریت یان تێهەڵچوونەوەی بۆ بکرێت، جگە لە ڕۆڵی دادوەری ئەو دادگایە ڕۆڵی ڕاوێژکاریش هەیە.xxxviii

لیژنەی ئەمریکی بۆ مافەکانی مرۆڤ: ئەو لیژنە ڕۆڵی هەیە لە گەشەسەندنی هۆشیاری و ڕێز گرتن لە مافی مرۆڤ و هەر وەها ڕۆڵی ڕاوێژکاری هەیە. ئەو لیژنەیە ساڵانە ڕاپورتی خۆی بۆ ڕێکخراوی وڵاتانی ئەمریکی سەبارەت بە جێبەجێ کردنی ڕێکەوتننامەی ئەمریکی بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕەوانە دەکات. ئەو لیژنە لە شەش کەس پێک دین کە پسپۆڕێتی لە بواری ماف مرۆڤیان هەبێت. و بۆ هاووڵاتیان و کۆمەڵەکانی ناحکومیش هەیە کە ڕاپورتی خۆیان بۆ ئەو لیژنەیە بنێرین و سکالا لە دژی ولاتێکی ئەندام لە ڕێکەوتننامەی ئەمریکی بکەن.xxxix

**تەوەری سێیەم: پاراستنی مافە سیاسییەکان لە سەر ئاستی کیشوەری ئەفریقیا**

بە گوێرەی ڕێکەوتننامەی ئەفریقی بۆ مافەکانی مرۆڤ و گەلان ساڵی 1986 کە گرینگیەکی زۆری بە مافەکانی شارستانی، سیاسی و مافی چارەی خونووسین داوە، دوو لایەن ئەرکی پاراستنی ماف و ئازادییەکان و جێبەجێ کردنی ئەو ڕێکەوتننامەیان لە ئەستۆویە کە ئەوانیش دادگای ئەفریقی بۆ مافەکانی مرۆڤ و گەلان و لیژنەی ئەفریقی بۆ مافی مروڤ و گولانن. سەبارەت بە دادگای ئەفریقی بۆ مافەکانی مرۆڤ و گەلان لە ساڵی 1997 ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقیا، پرۆتۆکۆلێکی تایبەت بە دامەزراندنی دادگای ئەفریقی بۆ مافەکانی مرۆڤ و گەلانی پەسەند کرد. بە گوێرەی مادەی سێیەم لەو پرۆتۆکۆڵە ئەو دادگایە تایبەتمەندە بە چارەسەر کردنی هەموو ئەو ناکۆکیانە و ئەو سکالانە کە پێشکەشی دەکرێن و پەیوەندیان بە شرۆڤە کردن و جێبەجێ کردنی ڕێکەوتننامەی ئەفریقی یان هەر ڕێکەوتننامەیەکی تری پەیوەندیدار بە مافی مرۆڤی هەیە. و ئەو لایەنەی کە مافی پێشکەش کردنی سکالا بۆ بەردەوم ئەو دادگایە هەیە بریتیە لە لیژنەی ئەفریقی بۆ مافەکانی مرۆڤ و گەلان وئەو دەوڵەتەی کە سکالا بۆ ئەو لیژنەیە بەرز دەکاتەوە یان ئەو دەوڵەتەی کە سکالا لە دژی دەرچووە . هەروەها هاووڵاتیان و ڕێکخراوەکانی ناحکومێش ئەو مافەیان هەیە.xl

لیژنەی ئەفریقی بۆ مافەکانی مرۆڤ و گەلان: ئەو لیژنەیە لە یازدە کەس پێک دیت کە دەبێت شارەزایی پێویستیان سەبارەت بە مافی مرۆڤیان هەبێت و ئەرکی ئەو لیژنەیە بریتیە لە کۆکردنەوەی بەڵگە و دیکومنت و توێژینەوەیە سەبارەت بە چارەسەر کردنی کیشەکانی ئەفریقیا کە پەیوەندیان بە مافی مرۆڤ و گەلانەوە هەبێت، هەروەها مافی ڕاوێژکاری و پیشکەش کردنی پیشنیار لە کاتی پێویستدا هەیە. ئەو لێژنە ئەرکی دارشتنی ئەو بنەمایانەی هەیە کە دەبنە هۆی چارەسەر کردنی کیشەکانی پەیوەندیار بە مافی مرۆڤ، هەروەها هاوکاری هەر ڕێکخراوێکی ئەفریقی و نێودەوڵەتی دەدەن کە کار بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ دەکەن. ئەگەر

کیشەیەک ڕوو بدات و پێشێل کارێک سەبارەت بە مافی مرۆڤ ڕوو بدات، ئەو لیژنەیە هەوڵ دەدەات کە ئەو کیشەیە چارەسەر بکات، بەلام ئەگەر نەیتوانی چارەسەر بکات ئاگاداری سەرۆکی دەوڵەتان و حکومەتەکان دەکات یان سکالاکەی پیشکەش دادگای ئەفریقی بۆ مافەکانی مرۆڤ و گەلان دەکات.xli

بەلام ئەو ئامانجانەی کە ڕێکخراوی یەکتیی ئەفریقیا لە سەری درووست بوون کە بریتی بوون لە بەدیهێنانی دیموکراسی، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، و گەشەسەندنی بەردەوام لە کیشوەری ئەفریقیا، بەدیهێنانی فرە سیاسی لە ڕێگای دروست کردنی حیزبە سیاسییەکان و یەکتییەکانی کرێکاری، ڕێکخستنی هەڵبژاردنەکانی شەفاف و دەوری، یەکسانی لە نێوان ئافرەتان و پیاوان نەتوانرا بەدی بهێنرێت، چونکو ئەو ڕێکخراوە ڕووبەڕووی چەندین کیشە بوو وەکو کێشەی دارایی، لاوازی وڵاتانی ئەفریقی لە پاراستنی ئاشتی و ئاسایش ولاتەکانیان، زۆرداری دەسەلاتدارەکانی ئەو ولاتانە و یارمەتی نەدانی وڵاتانی ئەوروپی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئەو وڵاتانە کارێگەری نەرێنی لە سەر جێبەجێ کردنی ئەو ئامانجانە دانرا.xlii

دامەزراندنی دادگای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ، دەتوانێت ببێتە هۆی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، بە هۆی ئەوەی کە تاکەکان ناتوانن سکالا لە بەردەم دادگای دادی نێودەوڵەتی پیشکەش بکەن، جگە لەوە کە دادگتی دادی نێودەوڵەتی تایبەتمەند نییە بە سەیر کردنی ئەو ناکۆکیانەی کە سەبارەت بە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ ڕوو دەدەن. لە لایەکی تر دادگاکانی تر وەکو دادگای ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ یان دادگای ئەمریکی بۆ مافەکانی مرۆڤ یان خود دادگای ئەفریقی بۆ مافەکانی مرۆڤ، دادگاکانی هەرێمین، بۆیە دامەزراندنی دادگای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ و دادوەرکانی دەتوانن بە ئەرکی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ هەستن. xliii

دادمەزراندنی دادگای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ لە گەڵ پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەگونجێت، چونکە دادگای دادی نێودەوڵەتی بە گوێرەی ماددەی 92 لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و مادەی 1 لە پەیرەوی ئەو دادگایە، ئەمرازێکی دادوەری سەرەکی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە، بەلام ئەوەش ڕێگیر نییە لە بەردەم ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە دادگایەکی تر دابمەزرینێت، تاکو ئەو دادگایە ببێتە گەرەنتیەکی ڕاستەقینە بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکانی تاکەکان، لە بەردەم ئەو وڵاتانەی کە ئەو ماف و ئازادیانە پێشێل دەکەن، بە تایبەتی مافە سیاسییەکان کە لەو وڵاتانە کە هیشتا سیستەمی دیموکراسی جێگیر نەکراوە و ئەو وڵاتانە ڕێگیری دەکەن لەوەی کە تاکەکان لە کاتی پێشێل کردنی مافە سیاسییەکانیان لە بەردەم دادگاکانی ناوخۆیی سکالا پیشکەش بکەنxliv.

دوای ئەوەی کە پێگەی تاکەکەس یان کەسی سروشتی بە هۆی پەسەند کردنی ڕێکەوتننامەکانی نێودەوڵەتی تایبەت بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بەرز کراوە، و تاکەکەس لە لایەن یاسای نێودەوڵەتی بە یەکێك لە کەسانی یاسای نێودەوڵەتی دانی پێنرا، بە تایبەتی لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مروڤ و یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و یاسای نێودەوڵەتی تاوانکاری پاراستنی تایبەتیان بۆیان تەرخان کرا، بۆیە لێرەدا ئەرکی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیە کە ماف وئازادییەکانی تاکەکان بە گشتی و بە تایبەتی ماف و ئازادییە سیاسیەکانی تاکەکان بپاریزن، بۆیە ئەو بەرپرسیاریەتیە دەکرێت بە دامەزراندنی دادگای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ کە دادگایەکی سەربەخۆ و بێ لایەن بێت و بریارەکانی یەکلایی کراوە و ئیلزامی بن دەستەبەر بکرێت.

**تەوەری چوارەم: دەستێوەردانی مرۆیی بۆ پاراستنی مافە سیاسییەکان**

پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان مافە سیاسییەکان و بنەمای دیموکراسی بوونی هەیە، بە شێوەیەك کە سیستەمی دیموکراسی بە بێ پەیڕەو کردنی مافە سیاسییەکان بوونی نابێت، و بۆ پاراستنی مافە سیاسییەکان و بنەمای دیموکراسی پێویستە سەرجەم ئامرازەکانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بەکار بهێنرێت، کە دەکرێت یەکێك لەو ئامرازانە دەستێوەردانی مرۆیی بێت. بەشێك لە زانایان دەستێوەردانی مرۆیی بۆ پاراستنی دیموکراسی بە یەکێك لە شێوەکانی دەستێوەردانی مرۆیی دادەنن، بۆ ئەوەی لە ڕێگای دەستێوەردانی مرۆیی هەم سیستەمی دیموکراسی بپاریزن و هەم مافە سیاسییەکان و سەرجەم مافەکانی مرۆڤ پارێزراو بن. بەلام لە بەرامبەردا بەشێکی تر لە زانایان دەستێوەردان لە دژی سیستەمە زۆرداریەکان و دیکتاتورییەکان ڕەت دەکەنەوە، چونکە پێیان وایە کە ئەوە بابەتێکی ناوخۆییە و پەیوەندی بە گەلی وڵاتانەوە هەیە، بۆیە ئەو لایەنە دەستێوەردانی مرۆیی بۆ پاراستنی ڕەوایەتی ڕەت دەکەنەوە. بەڵام دەکرێت بلێن کە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ بە تایبەتی مافە سیاسییەکان بە یەکێك لە هۆکارەکانی دەستێوەردانی مرۆیی دادەنرێت، بۆیە دەستێوەردانی مرۆیی بۆ پاراستنی مافە سیاسییەکان ڕەوایە، بۆ ئەو مەبەستەش دەتوانین ئاماژە بە بڕیاری ژمارە46/7 کە لە1991/10/11 بکەین کە لە لایەن کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچووە، کە ناونیشانی بریتی بوو لە قەیرانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ لە هایتی، کە بە گوێرەی ئەو بڕیارە کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئیدانەی ئەو کودتا سەربازییەی کرد کە لە هایتی ڕوویدا، و حکومەتەکەی بە نادەستووری لە قەڵەمدا. لە ژێر ڕۆشنایی ئەو بڕیارە دەتوانین بلێن کە بابەتی دیموکراسی تەنها بابەتێکی ناوخویی وڵاتان نییە، بەڵکو شوینی گرێنگی پێدانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییە، کە بە پێی ئەو بڕیارە جەخت لە سەر پاراستنی مافە سیاسییەکان دەکات.xlv

هەروەها بڕیاری ژمارە 45/150 کە لە 1990/12/18 سەبارەت بە بەرزکردنەوەی ڕۆڵی بنەمای هەڵبژاردنەکانی دەوری و پاك دەرچووە، بە یەکێك لەو بڕیارانە دادەنرێت کە جەخت لە سەر پاراستنی مافە سیاسییەکان دەکات لە ڕێگای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پاك و دەوری. جگە لەوە لە سەر ئاستی هەرێمیش بە گوێرەی بڕیاری ژمارە 142 کە لە ساڵی 1992 لە لایەنی ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقیا دەرچووە، بۆ پاراستنی سیستەمی دیموکراسی و مافە سیاسییەکان، ڕەت کردووە کە دان بەو حکومەتانە بنێن کە لە ڕێگای کودەتای سەربازی دەسەلات بە دەست دەگرن.xlvi

دەتوانێن بلێن کە ئەگەر سەرجەم ئەو گەرەنتیانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا نەیتوانی ببنە هۆی جێبەجێ کردنی مافە سیاسییەکان و پارستنیان، دەستێوەردان نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی مافە سیاسییەکان و سیستەمی دیموکراسی دەتوانێت ڕێگیری لە پێشێل کردنی مافە سیاسییەکان بکات، بۆیە دەستێوەردانی نێودەوڵەتی لە ڕێگای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە چوارچێوەی کۆمەڵەی گشتی و ئەنجومەنی ئاسایش دەتوانێت بە پشت بەستن بە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکەوتننامەکانی نێودەوڵەتی پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێداون، مافە سیاسییەکان لە سەر ئاستی جیهانی بپارێزرێت، بە مەرجێك کە بە شێوەی یەکسان سەیری هەموو ولاتان بکرێت وڕێگا لە دەستێوەردانی ولاتانی زلهێز بگرێت کە بە پێی بەرژەوندی خۆیان و بە شێوەی جیاواز هەڵسوکەوت بکەن، بە تایبەتی پێویستە بۆ بەدیٚ هێنانی مافی سیاسییەکان، مافی ڤیتو بەکار نەهێنن.

**دەرئەنجام:**

1. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە سەرجەم دام و دەزگاکانی ڕۆڵی هەیە لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بە گشتی، بەڵام ڕۆڵەکەی لاوازە چونکە کۆمەڵەی گشتی بڕیارەکانی و پێشنیارەکانی هێزی پابەند بوونی تێدا نییە و زیاتر کاریگەرییەکی مەعنەوی هەیە، و سەبارەت بە ڕۆڵی ئەنجومەنی ئاسایش هەر چەندە بڕیارەکانی هێزی پابەند بوونیان تێدایە و ئەنجومەنی ئاسایش دەتوانێت ببێتە پارێزەری مافە سیاسییەکان لە سەرجەم ولاتان، بەلام بە هۆی ئەوەی کە ژمارەی ئەو ئەنجومەنە بە گوێرەی ژمارەی ولاتانی جیهان کەمە و بڕیارەکانی زیاتر ڕەوەندێکی سیاسیان هەیە و بۆ بەرژەوندی ولاتانی زلهێز دەردەچێت.
2. لە سەر ئاستی هەرێمی گرینگی بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەدرێت وەکو لە سەر ئاستی کیشوەری ئەوروپا، ئەمریکا و ئەفریقیا، سەبارەت بە ئاستی هەرێمی ئەوروپا دادگای ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕۆلیکی بەرچاوی هەیە، چونکە سیستەمی ئەوروپی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ سروشتێکی پابەند کراوی هەیە. و لە سەر ئاستی سیستەمی ئەمریکی بۆ مافەکانی مرۆڤ دوو ئامرازی سەرەکی هەیە کە بریتین لە هەر یەك لە دادگای ئەمریکی بۆ مافەکانی مرۆڤ و لیژنەی ئەمریکی بۆ مافەکانی مرۆڤ، کە تایبەتمەندی دادگای ئەمریکی بۆ مافەکانی مرۆڤ ئارەزومەندایە کە ئەوەش لە هەیبەتی ئەو دادگایە و تایبەتمەندییەکانی کەم دەکاتەوە. و لە سەر ئاستی سیستەمی ئەفریقی بۆ مافەکانی مرۆڤ بە هەمان شێوەی سیستەمی ئەمریکی دوو ئامرازی هەیە کە بریتین لە هەر یەك لە دادگای ئەفریقی بۆ مافەکانی مرۆڤ و لیژنەی ئەفریقی بۆ مافەکانی مرۆڤ، بەلام سیستەمی ئەفریقیش بە هۆی قەیرانی دارایی و هاوکاری نەکردنی ولاتانی ئەفریقی ڕۆڵەکەی لاوازە و کاریگەری لە سەر پاراستنی مافە سیاسییەکانی نییە.
3. ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە دارشتن و پەسەند کردنی ڕێکەوتننامەکانی نێودەوڵەتی تایبەت بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، وەکو جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ 1948 و هەر دوو ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافەکانی شارستانی و سیاسی 1966 و ڕێکەوتنامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافەکانی ئابووری، کەلتووری و ڕۆشنبیری ساڵی 1966.
4. دەستێوەردانی مرۆیی بۆ پاراستنی مافە سیاسییەکان و بەدیٚ هێنانی سیستەمی دیموکراسی دەتوانن ببێتە گەرەنتیەکی کرداری و ڕاستەقینە بۆ ئەوەی مافە سیاسییەکان لە سەرجەم ولاتانی جێهان بپارێزرێت.
5. لە سەر ئاستی جیهانی دادگایەکی نێودەوڵەتی بوونی نییە تاکو لە ڕێگای ئەو دادگایە، سەرجەم مافەکانی مرۆڤ بە گشتی و مافە سیاسییەکان بە تایبەتی بپارێزرێت و ئەو دادگای سزای ئەو لایەنە بدەات کە پێشێلی مافە سیاسییەکان دەکەن، چونکە ئەو دادگایانە کە بوونیان هەیە دادگاکانی هەرێمین، و هاووڵاتیان یان حیزبەکان ناتوانن سکالا لەو دادگانە تۆمار بکەن.

**دووەم : پێشنیارەکان**

1.دامەزراندنی دادگای نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە چوارچێوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانێت ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبێت لە پاراستنی سەرجەم مافەکانی مرۆڤ بە تایبەتی مافە سیاسییەکان، کە بڕیارەکانی ئەو دادگایە هێزی پابەند بوونی هەبێت و تێدا تاکەکان و ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی مافی پێشکەش کردنی سکالایان هەبێت.

2.ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ دەبێت رۆڵێکی چالاکی هەبێت لە سەر پاراستنی مافە سیاسییەکان لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و بڕیارەکانی پێویستە هێزی پابەند بوونی تێدا بێت و لە کاتی پێشێل کردنی مافە سیاسییەکان داوا لە ئەنجومەنی ئاسایش بکرێت بە گوێرەی بارودۆخەکەی بڕیاری گونجاوی لە سەر ئەو پێشێلکاریانە بدەات بە گوێرەی بەشی شەش یان بەشی حەفتەم لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەلسوکەوت لە بەرامبەر لایەنی پێشێلکار بکات.

3.پێویستە چوارچێوەیەکی یاسایی نێودەوڵەتی بە رێکخستنی رێکەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی تایبەت بۆ چاودێری کردنی نێودەوڵەتی بۆ سەر هەڵبژاردنەکان رێك بخرێت، و تێدا ماف و ئەرکەکانی چاودیرانی نێودەوڵەتی و ئەو وڵاتانە کە تێدا هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێن دیاری بکرێت.

4.دەستیوردانی مرۆیی بۆ پاراستنی مافە سیاسییەکان پێویستە رێکخستنی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی گشتی بۆی بکرێت، تاکو بە هۆیەوە مافە سیاسییەکانی هاووڵاتیان پارێزراو بن، چونکە بە هۆی ئەو مافە سیاسیانە کە دەتوانرێت مافەکانی تریش دەستەبەر بکرێت.

5.کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە تایبەتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت بە کرداری و دوور لە هەڵومەرج و بەرژەوندییەکانی سیاسی، کار بۆ بەدیٔ هینانی مافی چارەی خونووسین بۆ هەموو ئەو گەلانە بکەن کە خاوەن رەگەزەکانی هەرێم، گەڵ و دەسەڵاتی سیاسین، چونکە بەدیٔ هێنانی مافی چارەی خوونوسین دەبێتە هۆی بەدیٔ هێنانی مافە سیاسییەکانی تر.

6.پێویستە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لیژنەیەکی تایبەت بۆ پاراستنی مافە سیاسیەکان دابمەزرێنێت کە ئەرکی ئەو لیژنەیە جێبەجێ کردنی پرەنسیپەکانی دیموکراسی بێت کە تێدا سەرجەم مافە سیاسییەکان پارێزراو بن. ئەو لیژنەیە یارمەتی وڵاتان بدەات بۆ ئەوەی سەرجەم جۆرەکانی مافە سیاسییەکان بە شێوەیەك کە لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی گشتیدا رێکخراون، لە وڵاتانی جیهان جێبەجێ بکرێت، هەروەها ئەو لیژنەیە چاودێری ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بکات کە لە سەر ئاستی وڵاتان ئەنجام دەدرێن تاکو دڵنیا بن لە دروستی دەرئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنانە، هەروەها ئەو لیژنەیە راپورتی ساڵانەی خۆی پیشکەشی کۆمەلەی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی ئاسایش بکات تاکو لە کاتی پێشێل کردنی مافە سیاسییەکان کە لە هەر ولاتێك روو بدەات، بە گوێرەی پەیماننامەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە تایبەت بەشی شەشەم و حەفتەم سزای ئەو لایەنە بدەات.

7.پێویستە رێکخراوی هاوکاری ئێسلامی دادگایەکی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ دابمەزرینێت، کە ئەو دادگایە پسپۆر بێت لە دادگایی کردنی ئەو ولاتانە و ئەو کەسە سروشتیانە کە پێشێلی مافەکانی مرۆڤ دەکەن، و پاراستنی مافە سیاسییەکان و دیموکراسی یەکێك لە گرینگترین تایبەتمەندییەکانی ئەو دادگایە بێت، و ئەو دادگایە رێوشوێنی گونجاو بۆ سزادانی ئەو لایەنانە کە پێشێلی مافەکانی مرۆڤ دەکەن بگرێتەبەر وەکو رێوشوێنی کاتی، ناسەربازی و سەربازی لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی گشتی و دەستێوەردانی مرۆیی ئەنجام بدات.

8. لە لایەکی تر پێویستە رێکخراوی هاوکاری ئێسلامی لێژنەیەکی هەمیشەیی تایبەت بە مافەکانی شارستانی و سیاسی دابمەزرینێت، و ئەو لێژنە بەدواداچوون بۆ مافەکانی سیاسی لە ولاتانی ئەندام بکات و راپورتی خۆی بە پشت بەستن بە بەڵگە و دیکۆمنت بۆ ئەو دادگایە بنرێت تاکو ئەو دادگایە بڕیاری لە سەر بدات.

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم: کتێب**


1- حمدي بدران، الاليات الدولية لحماية حقوق المرأة، الطبعة الاولى، الورق للنشر و التوزيع، عمان، 2014.

2- سهيل حسين الفتلاوي، موسوعة القانون الدولي 3 حقوق الانسان، الطبعة الثالثة، دار الثقافة للنشر و التوزيع، عمان، 2010.

3- عبدالغني بسيوني، نظرية الدولة في الاسلام، الدار الجامعية للنشر و التوزيع، بيروت، 1986.

4- عروبة جبار الخزرجي، القانون الدولي لحقوق الانسان، الطبعة الاولى، دارالثقافة للنشر و التوزيع، عمان، 2010.

5- علاءالدين محمد حمدان ، الحرية السياسية للموظف العام، مجلة الفتح، المجلد 5، العدد 38، 2009.

6- علي عبدالرزاق الزبيدي و الدكتور حسان محمد شفيق، حقوق الانسان، دار اليازوري العلمية للنشر و التوزيع، عمان ، 2009.

7- محسن حنون غالي، الرقابة الدولية و الوطنية على إنفاذ أحكام القانون الدولي لحقوق الانسان، الطبعة الاولى، منشورات مكتبة زين الحقوقية، بيروت، 2019.

8- محمد حسن دخيل، حقوق الانسان و حرياته الاساسية، الطبعة الاولى، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، 2023.

9- محمد يوسف علوان و الدكتور محمد خليل الموسى، القانون الدولي لحقوق الانسان المصادر و وسائل الرقابة الجزء الاول، الطبعة الاولى، دار الثقافة للنشر و التوزيع، عمان، 2009.


**دووەم: توێژینەوە**


10- احمد فاضل جاسم و م. م. سمية فاضل حسين، المنظمات الاقليمية في بلدان العالم الثالث و أثرها في الاصلاحات السياسية و الاقتصادية، مجلة جامعة تكريت للعلوم القانونية و السياسية، المجلد 2، العدد 5، 2010.

11- اسماعيل صعصاع البديري، القيود الخاصة لممارسة الموظف العام لحقوقه السياسية، مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية و السياسية، العدد الثاني، السنة الثامنة، 2016.

12- بلسم عبدالحسين لعيبي، اليات حماية حقوق الانسان في اطار التنظيم الدولي، مجلة السياسية و الدولية، العدد 22، 2012.

13- بيداء عبدالجواد، الحماية القضائية للحقوق السياسية في الشريعة الاسلامية و القانون الوضعي، مجلة الرافدين للحقوق، المجلد 14، العدد 50، السنة 16.

14- زينب صبرى محمد الخزاعى، الحماية القانونية لحقوق المرأة بين التشريع العراقي و القانون الدولي، مجلة القادسية للقانون و العلوم السياسية، المجلد عدد خاص ، العدد خاص بالمؤتمر الدولي الاول للمنتدي العالمي للمرأة و الطفل، 2021..

15- سنان صلاح رشيد الصالحي، دور جامعة الدول العربي في دعم الحقوق السياسية للمرأة، مجلة الفنون و الادب و علوم الانسانيات و الاجتماع،كلية الامارات للغلوم التربوية و النفسية، العدد56، 2020.

16- عزالدين فوده، فكرة إنشاء محكمة دولية لحقوق الانسان في ضوء مركز الفرد في القانون الدولي و امام المحاكم الدولية، مجلة مصر المعاصرة ، المجلد 57، العدد 324، 2022.

17- عقيلة هادي عيسى، حماية حقوق الانسان في الامم المتحدة، مجلة السياسية و الدولية، العدد 11، 2009.

18- علاء حسين علي و عباس مفرج صخل، مستوى الحماية الدستورية لحقوق الانسان و الحريات العامة (دراسة دستورية مقارنة في الدساتير الفرنسي ، المصري، الاردني، العراقي) عدد الخاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثالث لجامعة جيهان – اربيل في القانون و العلاقات الدولية و الاعلام، 12-13 نيسان 2017.

19- فلاح عبدالحسن عبد ايوب الفتلاوي، الاثار المترتبة على فقدان العراق على عضويته في مجلس حقوق الانسان دورة 2019-2021، مجلة رسالة الحقوق، السنة الثالثة عشرة ، العدد الثاني، 2021..

## سێیەم: ماستەرنامە:

20- سمير يوسف الجيلاني الزروق، دور المنظات الدولية غير الحكومية في تفعيل و تطبيق القانون الدولي الانساني و القانون الدولي لحقوق الانسان، رسالة الماجستير مقدمة الى كلية القانون، جامعة الشرق الاوسط، 2020.

21- عماد عمر محمد عبدالكريم، دور جامعة الدول العربية في حل القضايا العربية(2011-2017) رسالة الماجستير مقدمة الى كلية الاداب و العلوم قسم العلوم السياسية، جامعة الشرق الاوسط، 2018.

22- مصطفى ابراهيم المدهون، معايير الحكم الرشيد و دورها في التنمية الموارد البشرية بوزارة الداخلية الفلسطينية، رسالة الماجستير مقدمة الى جامعة الاقصى بغزة، 2017.

23- هلتالي أحمد، التدخل الانساني بين حماية حقوق الانسان و مبدأ السيادة في عالم ما بعد الحرب الباردة، رسالة الماجستر، كلية الحقوق و العلوم السياسية، جامعة منتوري- قسنطينة، الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية، 2009.

## چوارەم: ڕێکەوتننامەکانی نێودەوڵەتی

24- ڕیکەوتننامەی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ.

25- پەیماننامەی ڕێکخراوی هاوکاری ئیسلامی.

26- جاڕنامەی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ 1948.

27- ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافەکانی شارستانی و سیاسی 1966.


---

i - عبدالغني بسيوني، نظرية الدولة في الاسلام، الدار الجامعية للنشر و التوزيع، بيروت، 1986، ص 302.

ii - سهيل حسين الفتلاوي، موسوعة القانون الدولي 3 حقوق الانسان، الطبعة الثالثة، دار الثقافة للنشر و التوزيع، عمان، 2010، ص 100.

iii - د. اسماعيل صعصاع البديري، القيود الخاصة لممارسة الموظف العام لحقوقه السياسية، مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية و السياسية، العدد الثاني، السنة الثامنة، 2016، ص 173.

iv - سەبارەت بە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ 1948 بەشێك لە زانایان پێیان وایە کە ڕووی یاساییەوە هێزی پابەند بوونی نییە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە بنەماکانی ئەو جاڕنامەیە لە پەیماننامە نێودەوڵەتیەکانی تر و دەستووری زۆرێك لە ولاتان ڕێك خراون، بۆیە ئەو جاڕنامەیە بوویە بەشێك لە یاسای نێودەوڵەتی عورفی، بۆیە بەو شێوەیە ولاتانی جیهان دەبێ ڕێز لە بنەماکانی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ بگرن. م. م. بيداء عبدالجواد، الحماية القضائية للحقوق السياسية في الشريعة الاسلامية و القانون الوضعي، مجلة الرافدين للحقوق، المجلد 14، العدد 50، السنة 16، ص 319.

v - ماددەی 21 جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ 1948.

vi - ماددەی 25 بڕگەی دووەم لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی شارستانی و سیاسی 1966.

vii - علاء حسين علي و عباس مفرج صخل، مستوى الحماية الدستورية لحقوق الانسان و الحريات العامة (دراسة دستورية مقارنة في الدساتير الفرنسي ، المصري، الاردني، العراقي) عدد الخاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثالث لجامعة جيهان – اربيل في القانون و العلاقات الدولية و الاعلام، 12-13 نيسان 2017، ص68.

viii - ماددەی 19 لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ دەڵێت: هەموو کەسێك مافی هەیە بە ئازادی بیروڕای خۆی دەربڕێت، و هەموو کەسێك بە بێ ترس و دڵەڕاوکێ بڕوای تایبەت بە خۆی هەبێت و لە بەدەستهێنانی زانیاری و بیرو ڕا و بڵاوکردنەوەیان بە ئازادی هەبێت و دەستی بە ئامرازەکانی پێویست ڕابگات.

ix - الاستاذ الدكتور محمد حسن دخيل، حقوق الانسان و حرياته الاساسية، الطبعة الاولى، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، 2023، ص 70.

x - الدكتور حمدي بدران، الاليات الدولية لحماية حقوق المرأة، الطبعة الاولى، الورق للنشر و التوزيع، عمان، 2014، ص 21.

xi - سەبارەت بە پێناسەی ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی ناحکومی دەتوانین بڵێن کە ئەو ڕێکخراوانە بریتین لە کۆمەڵە کەسێك یان گرۆپێك کە بە شێوەی ئازادانە پێك دەهێنرێت و چالاکیەکانیان لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆمەبەستی بەدێ هێنانی بەرژەوەندی گشتی دەبێت بە بێ ئەوەی کە نیەتی قازانجیان هەبێت، یان خود بو بەرژەوەندی گەلێك یان دەوڵەتێکی دیاریکراو بێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سمير يوسف الجيلاني الزروق، دور المنظات الدولية غير الحكومية في تفعيل و تطبيق القانون الدولي الانساني و القانون الدولي لحقوق الانسان، رسالة الماجستير مقدمة الى كلية القانون، جامعة الشرق الاوسط، 2020، ص 11.

xii - م. علاءالدين محمد حمدان ، الحرية السياسية للموظف العام، مجلة الفتح، المجلد 5، العدد 38، 2009. ص 7.

xiii - الدكتور محسن حنون غالي، الرقابة الدولية و الوطنية على إنفاذ أحكام القانون الدولي لحقوق الانسان، الطبعة الاولى، منشورات مكتبة زين الحقوقية، بيروت، 2019، ص 23.

xiv - الدكتور محسن حنون غالي، مصدر سابق، ص 26.

xv - الدكتور فلاح عبدالحسن عبد ايوب الفتلاوي، الاثار المترتبة على فقدان العراق على عضويته في مجلس حقوق الانسان دورة 2019-2021، مجلة رسالة الحقوق، السنة الثالثة عشرة ، العدد الثاني، 2021، ص 414.

xvi - الدكتور فلاح عبدالحسن عبد ايوب الفتلاوي، مصدر سابق، ص 418.

xvii - المدرس المساعد عقيلة هادي عيسى، حماية حقوق الانسان في الامم المتحدة، مجلة السياسية و الدولية، العدد 11، 2009، ص 12.

xviii - المدرس المساعد عقيلة هادي عيسى، مصدر سابق، ص 12.

xix - ئەو کۆمیسارییایە کە لە ساڵی 1993 بە گوێرەی بڕیاری ژمارە 48 کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزراوە، لە ژێر چاودێری سکرتێری گشتی و ئەنجوومەنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و لێژنەی مافەکانی مرۆڤ ئەرکەکانی جێبەجێ دەکات.

xx - الدكتور حمدي بدران، مصدر سابق، ص 145.

xxi - ئەو لێژنەیە لە 45 دەوڵەت لە دەوڵەتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێك هاتووە کە لە لایەن ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەلایەتی دەست نیشان دەکرێن و ماوەی ئەندامیەتیان 4 ساڵە و هەڵبژاردنیان لە سەر بنەمای دابەش بوونی جوگرافی دەبێت و ئەو کەسانەی کە هەڵدەبژردرێن نوێنەری ولاتەکانیان دەبن. ئەو لێژنەیە جگە لە دەستەبەر کردنی مافە سیاسییەکانی ئافرەتان، هەڵدەستێت پێشکەش کردنی پیشنیاری پێویست بۆ ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەلایەتی بۆ ئەوەی یەکسانی لە نێوان پیاو و ئافرەتان بەدیٚ بهێنرێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الدكتور محسن حنون غالي، مصدر سابق، ص 63 و مابعدها.

xxii - الاستاذ الدكتور محمد حسن دخيل، مصدر سابق، ص 63.

xxiii - ڕێکخراوی کۆمکاری عەرەبی یەکێکە لە کۆنترین ڕێکخراوەکانی هەرێمی کە لە 1945/3/22 بە بەشداری هەر یەك لە ولاتانی عێراق، سەعودیا، سوریا، میسر، لبنان و ئوردەن دامەزرا. ئامانجی ئەو ڕێکخراوە کۆکردنەوەی ولاتانی عەرەبی بوو کە لە ڕووی جوگرافیەوە پێکەوە گریدراون و مێژوو، زمان، کەڵتور و شارستانیەتی هاوبەشیان هەیە، ئەو ڕێکخراوە هەوڵی دروست کردنی پەیوەندی لە نێوان ولاتانی ئەندام دەدات، تاکۆ لە ڕێگای هاوکاری هاوبەشەوە پلانی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری هاوبەش دابنی تاکو ئاسایش نەتەوەیی عەرەبی بپارێزن، لە گەڵ ئەوەشدا ڕێز لە سەربەخۆی و سەروەری ولاتانی ئەندام بگرن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عماد عمر محمد عبدالكريم، دور جامعة الدول العربية في حل القضايا العربية(2011-2017) رسالة الماجستير مقدمة الى كلية الاداب و العلوم قسم العلوم السياسية، جامعة الشرق الاوسط، 2018، ص 29.

xxiv - ماددەی 24 لە ڕێکەوتننامەی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ.

xxv - م. م. احمد فاضل جاسم و م. م. سمية كامل حسين، المنظمات الاقليمية في بلدان العالم الثالث و أثرها في الاصلاحات السياسية و الاقتصادية، مجلة جامعة تكريت للعلوم القانونية و السياسية، المجلد 2، العدد 5، 2010، ص 10.

xxvi - م. م. سنان صلاح رشيد الصالحي، دور جامعة الدول العربي في دعم الحقوق السياسية للمرأة، مجلة الفنون و الادب و علوم الانسانيات و الاجتماع، كلية الامارات للغلوم التربوية و النفسية، العد 56، 2020، ص 322.

xxvii - زۆر پێناسە بۆ حوکمڕانی باش کراون کە دەکرێت ئاماژە بەوە بدەین کە حوکمڕانی باش بریتیە لەوەی کە دەسەلاتدارەکان بە باشترین شێوە ولاتەکەیان لە ڕووی سیاسی، ئابوری، کارگێری و کۆمەڵایەتی لە هەموو ئاستەکان بەڕێوە ببەن و ئامرازەکان و دامەزراوەکانی دەوڵەت بەرژەندییەکانی هاولاتیان دەستەبەر بکەن و مافەکانیان بپارێزن. مصطفى ابراهيم المدهون، معايير الحكم الرشيد و دورها في التنمية الموارد البشرية بوزارة الداخلية الفلسطينية، رسالة الماجستير مقدمة الى جامعة الاقصى بغزة، 2017، ص 19.

xxviii - ماددەی 1 لە پەیماننامەی ڕێکخراوی هاوکاری ئیسلامی.

xxix - م. م. زينب صبرى محمد الخزاعى، الحماية القانونية لحقوق المرأة بين التشريع العراقي و القانون الدولي، مجلة القادسية للقانون و العلوم السياسية، المجلد عدد خاص ، العدد خاص بالمؤتمر الدولي الاول للمنتدي العالمي للمرأة و الطفل، 2021.، ص 406.

xxx - ماددەی 5 لە پەیماننامەی ڕێکخراوهی هاوکاری ئیسلامی.

xxxi - ماددەی 15 لە پەیماننامەی ڕێکخراوی هاوکاری ئیسلامی.

xxxii - ڕێکەوتننامەی ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕۆڵێکی گەورەیی لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەرەتییەکانی مرۆڤ لە کیشوەری ئەوروپا هەیە، ئەو ڕێکەوتننامەیە لە ساڵی 1950 لە لایەن ئەنجومەنی ئەوروپا پەسەند کرا و دواتر لە ساڵی 1953 چووە وارێ جێبەجێ کردنەوە.

xxxiii - الاستاذ الدكتور محمد حسن دخيل، مصدر سابق، ص 78.

xxxiv - بلسم عبدالحسين لعيبي، اليات حماية حقوق الانسان في اطار التنظيم الدولي، مجلة السياسية و الدولية، العدد 22، 2012، ص 241.

xxxv - لێژنەی ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ، کە ژمارەی ئەندامانی بە گوێرەی ژمارەی ئەندامانی ولاتانی یەکێتی ئەورپایە، و هەر یەک لەو ولاتانە مافی ئاگادار کردنەوەی ئەو لێژنەیە هەیە، سەبارەت بە هەر پێشێل کارێک کە بەرانبەر بە مافە کانی مرۆڤ ئەنجام دەدرێت، و ئەو لێژنەیەش سکالاکان بۆ سکرتێری گشتی ئەنجوومەنی ئەوروپا دەنێرێت و ئەگەر ئەو لێژنە نەیتوانی کیشەکە چارەسەر بکات، ڕاپورتێک کە بیروڕای خۆی سەبارەت بەو کیشە تێدا بێت بۆ لێژنەی وەزیرەکان دەنێرێت یان خود دەتوانێت بۆ دادگای ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ بنێرێت. بۆیە تەنها ئەو لێژنەیە مافی پێشکەش کردنی سکالا هەیە بو بەردەم دادگای ئەورپی بۆ مافەکانی مرۆڤی هەیە و ئەو دادگایە سەیری هەموو ئەو سکالایانە دەکات کە پەیوەندی بە جێبەجێ کردنی ڕێکەوتننامەی ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤی هەبێت. الدكتورة عروبة جبار الخزرجي، القانون الدولي لحقوق الانسان، الطبعة الاولى، دارالثقافة للنشر و التوزيع، عمان، 2010.، ص 83. ص 85.

xxxvi - الاستاذ الدكتور محمد حسن دخيل، مصدر سابق، ص 81.

xxxvii - الدكتور محسن حنون غالي، مصدر سابق، ص ص 145-146.

xxxviii - الدكتورة عروبة جبار الخزرجي، مصدر سابق، ص 97.

xxxix - الدكتور علي عبدالرزاق الزبيدي و الدكتور حسان محمد شفيق، حقوق الانسان، دار اليازوري العلمية للنشر و التوزيع، عمان ، 2009، ص ص 119-120.

xl - الدكتور علي عبدالرزاق الزبيدي و الدكتور حسان محمد شفيق، مصدر سابق، ص 123.

xli الدكتور محمد يوسف علوان و الدكتور محمد خليل الموسى، القانون الدولي لحقوق الانسان المصادر و وسائل الرقابة الجزء الاول، الطبعة الاولى، دار الثقافة للنشر و التوزيع، عمان، 2009.، ص 215.

xlii - م. م. احمد فاضل جاسم و م. م. سمية فاضل حسين، المنظمات الاقليمية في بلدان العالم الثالث و أثرها في الاصلاحات السياسية و الاقتصادية، مجلة جامعة تكريت للعلوم القانونية و السياسية، المجلد 2، العدد 5، 2010، ص ص 13-14.

xliii - الدكتور عزالدين فوده، فكرة إنشاء محكمة دولية لحقوق الانسان في ضوء مركز الفرد في القانون الدولي و امام المحاكم الدولية، مجلة مصر المعاصرة ، المجلد 57، العدد 324، 2022، ص 146.

xliv - الدكتور عزالدين فوده، مصدر سابق، ص ص 145-146.

xlv - د. عماد الدين عطاالله المحمد، التدخل الانساني في ضوء مبادئ و احكام القانون الدولي العام، دار النهضة العربية، 2007، ص 542 نقلا عن: هلتالي أحمد، التدخل الانساني بين حماية حقوق الانسان و مبدأ السيادة في عالم ما بعد الحرب الباردة، رسالة الماجستر، كلية الحقوق و العلوم السياسية، جامعة منتوري- قسنطينة، الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية، 2009، ص 92.

xlvi - هلتالي أحمد، مصدر سابق، ص 93.